**پرۆفیسۆر بۆب بۆزانکۆ**

**لە زانکۆی هۆستن بۆ گوڵان:**

# هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا



**پرۆفیسۆر بۆزانکۆ ئوستادی مێژووی سیاسەتە لە زانکۆی هۆستن و پسپۆرە لەسەر ئەو تەنگژانەی کە بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی سیاسەتی ئەمەریکا بۆتەوە و بایەخێکی زۆری بە شەڕی ڤێتنام داوە و ئێستا بایەخی گرنگ بە شەڕی عێراق دەدات و چەندین کتێب و توێژینەوەی لەسەر شەڕەکانی ئەمەریکا نووسیوە بەتایبەتی شەڕی ڤێتنام و شەڕی عێراق.**

**بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمەریکا لە عێراقدا بایەخی هەرێمی کوردستان لەم هاوکێشەیەدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر بۆب بۆزانکۆ کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

## هەر لە ئێستاوە کێشەی عێراق گەورەترین هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمەریکایە

کێشەی عێراق رەنگدانەوەیەکی کاریگەری لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەیە، هەر ئەم کێشەیە وایکرد لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی رابردوو، دیموکراتەکان زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرێس بەدەست بهێنن، ئەم مەسەلەیە رۆژ لە دوای رۆژ گەورەتر دەبێت، بەتایبەتی کە حکومەتی مالکی زیاتر لاوازدەبێت، دەربارەی ئەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر بۆب گوتی:

«وەک هەموولایەک دەیزانێت، مەسەلەی عێراق بۆتە مەسەلەی سەرەکی وتوێژ لە ئەمەریکا، هەر لە ئێستاوە وەک مەسەلەیەکی گەورە لە هەڵبژاردندا سەیر دەکرێت زۆربەی سیاسەتمەدارە گەورەکان و هەروەها زۆرینەیەکی گەورەی گەلی ئەمەریکا، بوونە دژی شەڕ و داوا دەکەن هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە وبگەڕێنەوە، ئێستا هەستێکی ڕاستەقینەی وا دروست بووە ئەمەریکا ناتوانێت لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. هەر بۆیە گەلی ئەمەریکا نایەوێت قوربانی زیاتر بدات و پارەی زیاتر لەم شەڕە دا بە فیرۆ بدرێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەرۆک بوش و دیک چینی جێگری، ئەو بودجە مەرجدارەی کۆنگرێس رەتدەکەنەوە وجەخت دەکەنەوە کە شەڕی عێراق دەبەنەوە، بۆ ئەمەش هێزی زیاتر رەوانەی عێراق دەکەن و لە هەمانکاتدا هەڕەشەش لە ئێران دەکەن.

ئەمەش بارودۆخێکی سەیری خولقاندووە، لەلایەنی ئەمەریکاوە، دەتوانین بڵێین نزیکەی هەموو کەسێک لە ناویاندا زۆربەی سەرکردەکانی سوپا بەو شێوە سەیری عێراق دەکەن کە عێراقیان لەدەست چووە و دەیانەوێت لەو تەنگژەیە رزگارییان بێت، بەڵام تەنیا سەرۆک بوش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە عێراقدا سەر دەکەوێت، لەم چوارچێوەیەدا زۆر زەحمەتە مەزندەی ئەوە بکرێت هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشە بکەن تەنانەت ئەگەر حکومەتی مالکیش بڕوخێت، هەربۆیە دەبینن رۆژ لە دوای رۆژ پرۆتستۆی شەڕ زیاتر دەبێت تەنانەت لەریزەکان پارتی کۆماری سەرۆک بوشیشەوە، کەواتە هەتا کۆتایی ساڵی «٢٠٠٨» و سەرەتایی ساڵی «٢٠٠٩» کە سەرۆکێکی تازە دێتە کۆشکی سپی چاوەڕوانی گۆرانکاری گەورە لە سیاسەتی ئەمەریکا دا ناکرێت بەرامبەر بە عێراق.

## دەبێ ئەمەریکا رێز لە سەقامگیری کوردستان بگرێت و بیپارێزێت

هەڕەشەکردن لە ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان، هەڕەشەیە بۆ سەر سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، لەوانەیە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایش لەسەر تاسەری عێراقدا کارێکی زەحمەت بێت، بەڵام دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێم و ناوچە جیاجیاکانی عێراق، بەتایبەتی وەک ئێستا لە هەرێمی

کوردستاندا بەر قەرارە، خزمەتێکی گەورەی سیاسەتی ئەمەریکا دەکات بۆ ئەوەی هەوڵەکان لەسەر ئەو ناوچانە چڕبکاتەوە کە باری سەقامگیری و ئاسایش تیاییدا ئاڵۆزە، بەڵام دەبینین تورکیا کە هاوپەیمانی ئەمەریکایە لە بری ئەوەی هاریکاری ئەمەریکا بکات بۆ دابینکردنی سەقامگیری لە ناوچە ئاڵۆزەکاندا، کەچی هەوڵدەدات بەشە ئارامەکەی عێراق کە هەرێمی کوردستانە تێکبدات، دەربارەی ئەم ڕەوشە و هەڵوێستی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر تورکیا پرۆفیسۆر بۆ زانکۆ گوتی:

«تورکیا بەم کارەی بارودۆخێکی ترسناک دەخولقێنێ، هەموو دەزانین ئەمەریکا هەوڵدەدات پەیوەندیەکی باش لەگەڵ تورکیا هەبێت تەنانەت دوای ئەوەش کە تورکیا ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمەریکا لە تورکیاوەبێنە ناوعێراق، بەڵام لە مەسەلەی هەڕەشەکردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق ئەمەریکا هەوڵدەدات کە ڕێگری لە تورکیا بکات کە هیچ کارێک دژ بە کوردستان ئەنجام نەدات.

لە باری واقعیشدا کوردستان تەنیا بەشە ئارامەکەی عێراقە و ئەمەش زۆر گرنگە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، هەروەها کەرکووک کە شارێکی دەوڵەمەندی نەوتە دیسان فاکتەرێکی دیکەیە کە ئەمەریکا ڕێگەنادات تورکیا دەست لە کاروباری وەربدات، هەربۆیە ئاشکرایە کە ئەمەریکا هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکات، بەوەی تورکیا هەوڵبدات ئەو ناوچەیە داگیر بکات و ئەمەریکاش تەماشای بکات، هەربۆیە هەرگیز ناتوانرێت مەزندەی ئەوە بکرێت کە ئەمەریکا لەم بوارەدا پشتگیری تورکیا بکات، مانەوە و پارێزگاریکردن لە سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا مەسەلەیەکی گرنگە و تەنیا کارتی سەرکەوتنە بۆ ئەمەریکا لە عێراقدا، هەربۆیە من وا مەزندە دەکەم ئەمەریکا هەوڵدەدات هانی هەردوولا هەرێمی کوردستان و تورکیا بدات بۆ ئەوەی باشترین پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت.

لەلایەکی دیکەوە تورکیا ئەندامی کاندیدکراوە بۆ یەکێتی ئەوروپا ، لەم حاڵەتەدا یەکێتی ئەوروپاش دەستە وەستان نابێت و لانی کەم ڕێنمایی تورکیا دەکەن کە کاری لەو شێوەیە ئەنجام نەدەن هەموو ئەمانەش جێگەی دڵنیاین بۆ هەرێمی کوردستان، ئێستا عێراق چەندین کێشەی هەیە، کێشەی یاخیبووان، شەڕی نێوان میلیشاکانی سونە و شیعە، ڕۆڵی نایاسایی و دەستێوەردانی ئێران، بوونی تیرۆریستانی بیانی و ئەلقاعیدە، هەربۆیە ناکرێت تەنگژەی تورکیاش بێتەسەر، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە من وا مەزندە دەکەم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا بە دڵنیاییەوە ڕێنمایی تورکیا دەکەن کە دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستانی عێراق وەرنەدات، خۆ ئەگەر لە کاتێکدا تورکیا ئەم ڕێنمایانەی لەبەرچاو نەرگرت و دەستی لە کاروباری ناوخۆ وەردا، پێموایە یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکا دەستەوەستان دابنیشی.

## هەتا ئێستا ستراتیژیەتی ئەمەریکا پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە

قسەکردن لەسەر دابەشکردنی عێراق بۆتە ئەگەرێکی واڵا بۆ ئایندەی عێراق و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەم ئەگەرە زیاتر دەبێت، ئەگەر سەرنج بدەین ئێستا ئەمەریکا خۆی هەوڵی ئەوە دەدات کە گەڕەکە سونییەکانی بەغدا لە گەڕەکە شیعەکان جیا بکاتەوە، بۆیە مەسەلەی جیاکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان عێراق بۆتە ئەگەرێکی نزیک.

دەربارەی ئەم حاڵەتە پرۆفیسۆر بۆب گوتی:

«من لەم مەسەلەیەدا بۆچوونێکی جیاوازم هەیە، مەسەلەی دابەشبوون ئەگەر دابەشبوونی سیاسی بێت یان دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بێت، ئەوا ئەم مەسەلەیان دەکرێت و کورد و شیعە و سونە دەتوانن لە حکومەتێکدا بەشداربن و بە ڕێککەوتێکیش دەسەڵاتەکان دابەش بکەن، بەڵام دابەشکردن لەسەر بنەمای جوگرافی و سەروەریی ئەوا عێراقییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی گەورە دەکاتەوە پێشموانییە ئەمەریکا ئەم جۆرە دابەشکردنەی بوێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش ئامانجی ئەمەریکا یەکپارچەیی خاکی عێراقە.

سەرۆک بوش و دیک چینی جەخت دەکەنەوە کە شەڕی عێراق دەبەنەوە، بۆ ئەمەش هێزی زیاتر ڕەوانەی عێراق دەکەن و لە هەمانکاتدا هەڕەشەش لە ئێران دەکەن. ئەمەش بارودۆخێکی سەیری خولقاندووە، زۆربەی سەرکردەکانی سوپا بەو شێوە سەیری عێراق دەکەن کە عێراقیان لەدەست چووە و دەیانەوێت لەو تەنگژەیە ڕزگارییان بێت، بەڵام تەنیا سەرۆک بوش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە عێراقدا سەر دەکەوێت

